# چەند قسەیەك لەگەڵ جەلال تاڵەبانی

## لە پەیوەند بە زیندانیکردنی ڕێبوار عارفو مامەڵەی دەزگاکانیان لەگەڵ ئازادی سیاسی

جەنابی جەلال تاڵەبانی! ئیوە هەموو ڕۆژیك لە میدیاکانو شاشەی تەلەفزیونەکانەوە، سوێند بەوە دەخۆن کە لە سایەی دەسەلاتی حیزبو میلیشیاکەی ئیوەدا، ئازادی سیاسی لە ناوچەی سلیمانیدا بەرقەرارە، تەنانەت ئازادی بێ سنوری فەراهەمە. باسی ئەوە دەکەن کە نمونەیەك لە تەجروبەی سەرکەوتوانەی دیموکراسیتان بەدەستەوەداوەو گوایە بە نیازن ئەم تەجروبەیە لە عیراقیشدا پیادە بکەن.

بەلام کاروکردەوەی دامو دەزگاکانتان هەموو ڕۆژیك نیشانیدەدەن کە ئەوانە تەنها پروپاگەندەی بیناوەرۆکن و هیچ راستیەکیان تیا نیە. ئەوە بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە پیشوتریش هاوکات لەگەل پیلانگیرانی تیرۆریستی لە دژی حیزبی ئیمە لە 14ی تەموزی 2000و کوشتاری هاوڕێیانی ئیمەو شاردنەوەی تەرمەکانیان، هاوکات لەگەل کوشتاری حەمەی حەلاقو هاوریکانی، هاوکات لەگەل تیرۆرکردنی بەکر علی بە ڕۆژی رووناك..هاوکات لەگەل دەیان کاری تیرۆریستیو سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەلکدا، ئیوە لە خۆهەڵکێشان بە ئازادیو دیموکراسیەوە کەمتان نەهینابوو.

بەلام من دەمەوێ لە پەیوەند بە کرداری دوای وەرگرتنی ئەم پۆستە تازەیەتەوە قسەت لەگەل بکەم.

من دەمەوێ بزانم تۆ چۆنو بە پێی کام پیوانەو رەوشتی دیموکراسی ئەو رەفتارەی دەزگای ئاسایشت لەگەل ئازادیو دیموکراسی دەگونجینی کە ریبوار عارفیان تەنها لەسەر قسەکردن بۆ خۆپیشاندانی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی دەستگیرو زیندانی کرد؟ ئایا لەو مەملەکەتەی کە جەنابت دەڵێی ئازادی بێسنور تیایدا بەرقەرارە، خۆپیشاندان دژی سەودا بە زانستو گەندەلی ئیداری دەزگاکانی ئیوە قەدەغەیە؟ ئایا پشتیوانی لەم خواستانەی خویندکاران قەدەغەیە؟

ئەوەی لە ناوچەی سلیمانی خولقاوە لە ئیمپراتۆریەتی فیرعەونەکان دەچیت. حیزبەکەی تۆ مولكو مالو سەروەتو داهاتی کۆمەلگای بە تەواوی داگیرکردوە بۆ خۆی، سەرانو بەرپرسانی حیزبەکەی تۆ دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتووەو نوقمی سەروەتن، کەس ناتوانی خاوەنی هیچ شتیك بیت ئەگەر بە بەشی گەورە یەکیك لە سەرانی حیزبەکەت شەریك نەکات. لە سایەی دەسەلاتی ئیوەدا هەر وەکو رابردوی عیراق کارو ژیانو ئازادیو تەنانەت ئیمتیازی خویندنو قبول بونیش لە (زانکۆی کۆیە) تەنها بۆ ئەندامانی یەکیتیو ئەوانەیە کە تەزکیەی حیزبی ئیوەیان هەیە. لە ناوچەی دەسەلاتی ئیوەدا سەرباری ئەو هەموو فروفیشالەی لە بارەی باشکردنی گوزەرانی خەلکەوە دەکریت، بە دەیان هەزار خیزان بێ خانەنو داهاتی مانگانەیان تەنها بەشی کرێ خانوو ناکات. لە سەرو ئەمەشەوە دەزگاکانی ئیوە ریگا نادەن خەلك دەنگی نارەزایەتی هەلبڕێو ئەگەر کەسیکی وەکو ریبوار عارف پشتیوانی لە خواستی رەوای خەلك بکات دەخریتە زیندانی ئینفرادی.

جیگای سەرنجە کە لە سایەی ئەو مەملەکەتی دیموکراسیەی کە ئیوە بەرپاتان کردوە، بە هەمان یاسای فاشیانەی بەعس کە لە سالی 1969دا لەلایەن بەعسیەکانەوە دانراوە مامەلە لەگەل خەلکی سیاسی دەکەن. ئایا دەسەلاتە "دیموکراسی"یەکەی جەنابت دوای 14 سال حوکمرانیتانو دوای رووخانی رژیمی فاشیستی بەعس کەی بە نیازە دەست لەم میراتە دارزیوەی بەعس هەلگریت کە ملی دەیان هەزاری پی کرا بە پەتتداو سەدان هەزاری پی قەتلوعام کرا؟ مەسەلە هەر تەنیا یاساکەش نیە، دەزانی لە زیندانی ئاسایش هەر وەکو سەردەمی بەعس بۆ خەلکانی سیاسی وەکو ریبوار عارف ژووری ئینفرادی یەك مەتریتان هەیە؟ دەزانی کە دەزگاکانت چەند ڕۆژ فشاریان بۆ ریبوار عارف هیناوە بۆ ئەوەی کەفیلیان پیبدات کە جاریکی دیکە لەو یاسا چەپەلەی بەعس دەرناچیت؟

جەنابی جەلال تالەبانی! ئەم کاروکردەوانەی دامو دەزگاکانت تۆزقالیك بایەخ بۆ سوێندەکانی تۆ دەربارەی بەرقەراری ئازادی بی سنورو دیموکراسی لە ناوچەی سلیمانیدا ناهیلیتەوە. دامو دەزگاکانی ئیوە بە کردەوە نەك بەو جۆرەی تۆ دەتەوێ خەلکی عیراقو جیهانی پی سەرگەرم بکەیت، بەلکو دەقاودەق بە پێی ئەو مەنتقی شەقاوەچیتیە دەجولینەوە کە مەلا بەختیاری دەستە راستت لە بلنگۆی رادیۆی لاوانی سویدەوە دەلی "حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق 15 کەس بوون، مەفرەزەیەکی یەکیتیمان نارد ئاقلیان کردن". جەنابی "سەرۆك کۆمار"! تکایە بۆمان روون بکەوە ئەگەر بەرپرسی مەکتەبی دیموکراسیخانەو "ئەهلی قەلەم"تان بەم مەنتیقە قسە بکات، ئاخۆ پیاوانی دەزگای زانیاریو ئاسایشو ئەهلی تفەنگتان چۆن رەفتار دەکەن؟!

ئەمانە تەنها چەند گۆشەیەکە لە کارو کردەوەو رەفتارو یاسا "دیموکراسی"یەکانی ئیوە کە ئەمجارە لەگەل ریبوار عارف پیادەکراوە، ئیمە هەموو ئەوانە بۆ رای گشتی گوزراشت دەکەین. بەلام دلنیابن ئەم سیاسەتو رەفتارانەی ئیوە لە بەرامبەر هیزو ئیرادەی ئازادیخوازانەدا مەحکوم بە شکستو ناکامیە، هەرچۆن ئەمجارە لە بەرامبەر ئیرادەی ریبوار عارفدا شکستی خوارد. خەلکی کوردستان لانی کەم 35 سال تەجروبەی جەنگی دەستەویەخەو راوەستاوییان بەرامبەر سەرکوتی رژیمی ملهوری بەعس هەیە، گومان مەکەن ئەم خەلکە کە ملیان بۆ سەرکوتی بەعس دانەنەواند، هیچ سەرکوتیك بتوانێ ملیان پێ دانەوینێ.

بەلام ئەگەر تۆزقالیك وەفاداریتان بۆ پروپاگەندەکانی خۆتان هەبیت سەبارەت بە ئازادیو دیموکراسی، دامو دەزگاکانتان وا رەفتار ناکەن، مەلا بەختیارتان بەم مەنتقە قسە ناکات، ئازادی سیاسی سەرکوت ناکریتو حیزبو رۆژنامەو خۆپیشاندانو قسەکردن قاچاغ ناکریتو بە یاسای بەعس کارناکەن. ئیوە بەرامبەر خەلکی کوردستانو عیراقو جیهان بەرپرسن لە تالانو برۆو پاوانی ئابوریو سیاسەتی کوردستان لەلایەن حیزبەکەتەوە، بەرپرسن لە تاوانکاریو سەرکوتو پیشیلکردنی ئازادی سیاسی. ئەگەر لافی ئازادیو دیموکراسی لیدەدەن، ئیتر دەبی ریز لە ئازادی سیاسی بگرنو هەلسورانی حیزبیو رۆژنامەگەریو خۆپیشاندانو رادەربرینو رەخنەگرتن ئازاد بکەن، یاساو شیوازە بەعسییانەکان بپیچنەوە.

**ریوار ئەحمەد**

13**ی ئایاری** 2005